# چیرۆکی هاوەڵانی ئەخدود

[ كردي – کوردی – kurdish ]


## فەرمان مەحمود

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# قصة أصحاب الأخدود

« باللغة الكردية »


فرمان محمود

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# چیرۆکی هاوەڵانی ئەخدود

## پێشەکی:

بەمەبەستی شارەزابوون لەم چیرۆکە قورئانیە بە پێویستم زانی ئەم ڕوداوە بەڕوونی وپوختی بخەینە بەردەم خوێنەرو وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی، چونکە زۆرینەمان وەک پێویست زانیاریمان لەم روداوە ڕاستەقینە نیە کە ڕویداوە لە مێژوودا، وە ئەم چیرۆکە بەداخەوە ئازاری مسوڵمانانی(میانمار_بۆرمای) بیرخستمەوە کە لە ئێستادا ڕویدا.

## چۆنێتی ڕوداوی هاوەڵانی ئەخدود لە ئیسلامدا :

ووشەی (الاخدود) واتە کەرت کردن و هەڵکەندنێکی گەورەی زەوی وەکو (خەندەق) بە مەبەستی ئازاردانی باوەڕداران، (اصحاب الأخدود) لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە لە سورەتی (بروج) دا.

## خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

واتە بەکوشت چن و نەفرینیان لێبێت ،خاوەنانی ئەوانەی کە چاڵیان هەڵدەکەند بۆ(ئیمانداران) (ئەوان خاوەنی ئاگرێکی بەئازاربوون)(٤) ئاگری بەتین وداگیرساویان تێدا کردەوە(٥) ئەوکاتەی بەدەوریدا دانیشتبوون (لەسەرلێواری لەغەمەکان

کەیفیان ئەکرد و دڵ خۆش ئەبون بەسوتاندنیان)(٦) لەنزێکەوە چاودێری ئەو کارەساتەیان دەکرد کە بەسەر باوەڕدارانداد دەهێنرێت خۆیان لە نزیکەوە سەرپەرشتیان دەکرد(٧) ئەو ڕق وداخەیان لە باوەڕداران تەنها لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان باوەڕی بەتینیان دەهێنا بە خوای باڵا دەستی شایستەی سوپاسگوزاری(٨) ئەو زاتەی کە خاوەنی هەموو شتێکە لەئاسمانەکان و زەویدا، ئەو خوایە شایەتە لەسەر هەمووشتێک و ئاگای لە هەموو شتێکە(٩) بەڕاستی ئەوانەی بەڵاو پلان و ناخۆشی و تەنگانە دژی پیاوان و ژنانی ئیماندار دادەرێژن و پاشان بەرداوەم دەبن و تۆبە ناکەن و پاشگەز نابنەوە،سزای دۆزەخ سزای ئاگری سوتێنەریان بۆ هەیە، چونکە ئەوانیش مسوڵمانەکانیان دەسوتاند(١٠) بێ گومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو (کەوتنە چاڵەکەوە) وە کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە باخەکانی بەهەشت کەچەندەها روبار بەژێریدا دەڕوات بۆیان ئامادەیە، هەرئەوە خۆی سەرکەوتنێکی گەورەو بێ سنورو بێ وێنەیە(١١).

(ئیبن جە ریر) فەرمودەیەکی هێناوە بۆ ئەو ڕاستیە دەفەرموێت لە پێش ئێوەوە کۆمەڵێک مسوڵمان هەبوون، لەسەر ئاینی عیسا(علیە السلام) تووشی دەستەڵاتێکی دڵڕەقی بێ بەزەی هاتن بۆئەوەی لە ئاینەکەیان وەرگەڕێن و پەشیمان بنەوە، بەڵام دەرئەنجام هەموو هەوڵەکانیان بەنەزۆک مایەوە،

بۆیە بڕیاریان دا بیان سوتێنن جائەوەبوو هاتن چاڵێکی گەورەیان هەڵکەندو ئاگریان تێدا کردەوە، بڕوادارەکانیان خستە ناویەوە، بەڵام هیچ کەس لە باوەڕ داران دڵیان دانەچڵەکیو لە باوەڕەکەیان پەشیمان نە بونەوە! (١)

لەکتێبی مێژووی(بیدایەو نیهایە) ی ئیبن کەسیر کە ناوی ئیسماعیل کوڕی عومەری کوڕی کەسیرە کە ئەم کتێبە لە ماوەی ساڵەکانی (٧٠١ بۆ٧٧٤) کۆچی دا نوسراوە، وەلەچەندین ماڵپەڕی عەرەبی دا بە پوختی باسەکە ڕون کراوەتەوە:

لەو سەردەمەدا لاوێکی باوەڕدار هەبوو زۆر خۆڕاگرو بە ئارام وجێگیربوو، لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکەیدا باوەڕداربوون، لەهەمان ئەو گوندەدا پادشایەکی بێ باوەڕوکافر هەبوو، کە بانگەشەی خوایەتی دەکرد، ئەم پادشایە پشتی بە جادوگەر دەبەست بۆڕایکردنی کارەکانی، لەکاتێکدا ئەم جادوگەرە بەرەو باساڵا چون دەرۆیشت داوای لەپادشا کرد کە بگەڕێت بۆگەنجێک تاوەکو فێری جادووی بکات بۆشوێن گرەوەی خۆی بە مەبەستی پاراستنی پادشاکە پاش خۆی، هەواڵ بەو لاوەدرا کەنابێت لەمەودوا باوەڕدارنەبیت و پاشگەزبیتەوە،وە ئەو لاوە هەڵبژێردراو هێنرا بۆلای جادوگەرو ساحیرەکە، لەکاتێکدا کە بەڕێگەی هاتوچۆی ساحیرەکەوە بوو بە مەبەستی فێربون لەڕێگەی هاتوچۆیدا (ڕاهیب)ێک پیاوێکی خواپەرست هەبوو، جارێک لایدانیشت قسەوگفتارەکانی ڕاهیبەکە سەرنجی

لاوەکەی بۆخۆی راکێشا، ئینجا بەردەوام لای ڕاهیبە کە دادەنیشتوو لەپاشدا دەچوو بۆلای ساحیرەکە، جارێک ساحیرەکە لێیدا لەبەرئەوەی ئامادە نەبو ونەهاتبوو، لاوەکە سکاڵای خۆی بردە لای ڕاهیبەکە، ئەویش پێی وت: لەکاتێکدا ئەم جارە جادو گەرەکە پێی وتیت و لێت تورەبوو کە بۆ دیارنیت بڵێ خێزانەکەم ناهێڵن و زیندانم دەکەن، وەئەگەر خێزانەکەشت وتیان بۆناچیت بۆلای جادوگەرەکە بڵێ جادوگەرەکە زیندانیم دەکات و نایەڵێت بێمەوە، بەم شیوەیە مایەوە تا رۆژێک لەسەر ڕێگای خەڵکیدا ئاژەڵێکی بینی، لاوەکە لەناخی خۆیدا بڕیاری دا کە ئەمڕۆ ڕۆژی هەڵبژاردنەو تاقی کردنەوهیە تابزانم کامیان باشترو ڕاسترن ، جادوکەرەکە یان ڕاهیبەکە، ئینجا بەردێکی هەڵگرت ووتی خوایە ئەگەر تۆکردارو قسەکانی راهیبەکەت لاخۆشەویستترە لە کردارو قسەکانی ساحیرەکە، ئەوە با ئاژەڵەکە بکوژرێت، ئیتر لە کاروان سەراکە بەردەکەی گرتە ئاژەڵەکە، هاواری کرد لە کاتێکدا خەڵکەکە تێدەپەڕین خوایە بەفرمانی خوای راهیبەکە ئەگەرخۆشترت ئەوێت هاویشتی و یەکسەر ئاژەڵەکەی کوشت، لەپاشدا لاوەکە کەچووەوە بۆلای ڕاهیبەکە و بەسەرهاتەکەی بۆگێڕایەوە، ڕاهیبەکە وتی ئەی کوڕم تۆ لەمڕۆوە منت بە باشتر داناوە خۆت یەکلا بکەرەوە، کاتێک خۆت یەکلایی کردەوە بۆ خودا هیچ بەڵگەو تاقیکردنەوەکی ترت ناوێت، لە پاشدا لاوەکە وای لێ هات بە پشتیوانی و پشتبەستن و

تەوەکولی پەروەردگاری (نابینا)ی زگماک و (بەڵەک)ی چاک دەکردەوە، وەچارەسەری هەمو نەخۆشیەکی خەڵکی دەکرد،

تاکو ڕۆژێک بۆ مەجلیسی پادشا بانگکرا، یەکێک لە دارو دەستەکانی پادشا ئەم هەواڵەی بیستبوو کە نابینابوو، لاوەکەی بانگ کرد و ڕوی تێکرد و وتی لەهەمووو جۆرە پاداشتێکت دەکەم ئەگەر شیفام بدەیت و چاکم کەیتەوە، لاوەکەش وتی: من ناتوانم هیچ یەکێک شیفا بدەم بەڵکو شیفا لای پەروەردگارە، ئێوە باوەڕ بهێنن بە خودا، داوا دەکەم لە خودا و (بەوویستی خودا) شیفات بۆدێت. ئەوانەی لای دیوەخان دانیشتبون باوەڕیان بە خودا ی ئەو کوڕە هێنا ، خوای گەورەش شیفای داو چاوی چاک بوەوە، لەپاشدا لاوەکە دانیشتنەکەی بە جێ هێشت ، پێدەچێت تازە پادشا هەواڵەکەی پێ گەشتبێت ، وتی پێیان کێ ئەو نابینایەی چاککردەوە و چاوی بۆگەڕاندەوە ،وتی بەهۆی ئەوەی ئێمە متمانەمان هێنا بە خودای ئەو لاوە، وە ئەویش داوای لەخودای خۆی کردو چاک بوەوە، پادشا توڕە بوو ووتی: بۆ جگە لەمن خوای تر هەیە، باوەڕدارەکان وتییان خوای ئێمەو خوای تۆش (اللە) یە. پادشا بڕیاریدا ئەشکەنجەیان بدات بەردەوام سزای دان هەتا دانیانناا بەلاوەکەداهێنایان، پێی وت کوڕم تۆ لە جادودا گەشتویتە زاستێکی بەرز تا وات لێهاتوە (بەڵەک)و (نابینا) چاک بکەیتەوە وە ئەوەی بتەوێت بیکەیت ئەی کەیت، لاوەکە وتی:

من ناتوانم هیچ یەکێک شیفابدەم بەڵکو شیفا لای پەروەردگارە، ئینجا فرمانی کرد سزاو ئەشکەنجەی بدەن سزادرا دانینا بە ڕاهیبەکەدا، وەڕاهیبەکایان هێناو پێی وت پاشگەزبەرەوە لە دینەکەت بەلاَم بەقسەی نەکردو، بەمشار سەریان لێک جیاکردەوە، لەپاشدا بە لاوەکەی وت پاشگەزبەرەوە تاوەک راهیبەکەت لێنەکەم لێی دوبارەکردەوە، پاشان داوای لەسەربازەکانی کرد بیبەن بۆسەر لوتکەی شاخێکی بەرز ئەوکاتە یەکێک هەڵدەبژێرێت یان واز لە ئاینەکەی دەهێنێت یاخود فرێیدەنە خوارەوە، سەربازەکان لاوەکەیان بردو بەشاخەکەداسەرکەوتن لاوەکە داوای لە پەروەردگارکرد: خودایە ئەوانە لابەرەو لەناویان بەرە ئەگەر ویستت لەسەرە، شاخەکە کەوتە لەرزەو وە سەربازەکان کەوتنە خوارەوە، وەلاوەکە هاتەوە بۆلای پادشا، پادشا وتی ئەی ئەوانەی لەگەڵت بون لەکوێن؟ لەوەلاَمدا وتی: خودا لەناوی بردن. لەپاشدا ئەم پادشایە فەرمانی کرد بەسەربازەکانی تری لەگەڵ خۆتاندا بیخەنە کەشتیەوە، وەبیگەیەننە ناوراستی دەریاکە، با یەکێک هەڵبژێرێت یان گەڕانەوە وپاشگەزبونەوە لە ئاینی و مانەوەی لەگەڵتاندا یان نقوم کردنی. پاشان لاوەکە دوعای لەناوبردنی کردن هەموو یان نقوم بون جگە لە خۆی، وەلاوەکە هاتەوە بۆلای پادشا، پادشا بەسەرسوڕمانەوە وتی ئەی ئەوانەی لەگەڵت بون لەکوێن؟ لەوەلاَمدا وتی: بە پشت بەستن و پشتیوانی خودا، خودا لەناوی

بردن. لەپاشدا لاوەکە بە پادشای وت تۆ ناتوانیت من بکوژیت هەتا من پێت نەڵێم چی بکەیت ئینجا ئەمرم، لاوە باوەڕدارەکە وتی: فەرمان دەربکە خەڵکی کۆبکەرەوە لە یەک شوێندا وەلە خاچم بدەو بم بەستەرەوە، لەپاشدا بە تیرەکە نیشانم گرەوە لە کەواندا با ئامادەبێت، وەبڵێ بەناوی ئەوخودایەی کە خاوەنی ئەم لاوەیە ، ئینجا تیر بارانم کە دەبینی ئەوە بکەیت دەکوژرێم، پادشا بەمە دڵ خۆش بوو، کارەکەی جێبەجێکرد تیرەکەی بەرکەوتوو لاوەکە شەهید بوو، کەچی ئەوەی چاوەڕوانی نەدەکرد ئەوەبوو، بەگشتی خەڵکەکە هاواریان لێبەرز بوەوە وتیان باوەڕمان هێنا بەخودای لاوەکە. هاوەڵەکانی پادشا وتیان بینیت تۆ لەلاوێک ئەترسایت کە باوەڕی هێنا ئێستا تێکڕای خەڵک باوەڕیان هێنا. لەپاشدا پادشا فەرمانی کرد بە هەڵکەندنی چاڵێکی گەورە لەزەویدا، وەئاگرێکی بەتینیان تێادا کردەوە، ئینجا فەرمانی کرد بەسەربازەکان کە هەڵیان بژێرێت یان بگەڕێنەوە لە باوەڕیان بیانخەنە ناو تەنوری ئەوئاگرەوە، ئەم سەربازانە لەم کارەیان بەردەوام بون تەنانەت وای لێ هات دایک بە کۆرپەلەی بێ زمانەوە دەخرایە ناو ئاگرەوە لەسەر باوەڕبوونی بە پەروەردگار، هەندێک جار دایکەکە دڵیان بۆکۆرپەلەکە لێدەداو کەمێک دەسڵەمینەوە، بەڵام کۆرپەلە ساواکان دەهاتنە قسە و دەیان وت دایکە خۆڕاگربە چونکە ئێمە لەسەر حە قین...(٢).

## مێژووی هاوەڵانی ئە خدود:

ئەم ڕووداوە بە پێی سەرچاوەکانی مێژوو، لەساڵی ٥٢٥ی زاینی ڕوویداوە واتە ٤٦ ساڵ پێش لەدایک بونی پێیغەمبەرمان (درودی خودای لەسەربێت) واتە نزیکەی ١٤٨٠ ساڵ پێش ئێستا،لەساڵی١٩٩٧ شوێنەواری تری ئەم گەلە دۆزرایەوە کەدەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای سعودیە، ئەو کارەساتەی کەرویداوە بە پانتای ٥ کیلۆمەتردا بوە ، تائێستاش شوێنەواری سوتاوی بە دیوارەکانەوە ماوە، لە ئێستادا بە ئامێری زۆر پێشکەوتوو ئاشکرابوە کە ئەو شوێنە بە تەواوی سوتێنراوە، تا ئێستاش شوێنەواری ئێسکەکانی مرۆڤ و ئاژەڵەکانیان بەسوتاوی ماوە، ئەوەی جێگەی سەرسورمانە ، کە ئەم شوێنەوارانە دۆزرانەوە دەرکەوت کە هیچ شوێنەوارێکی گۆرو دفنیان پێوە نیە بەڵکو بە کۆمەڵ سوتێنراون، کە بە سوتانی هەزارەها کەس لە هەندێک شوێن دا بە(٢٠) هەزارکەس دەخەملێنرێت ، لە ئێستادا ئەوەی تێبینی دەکرێت لەپاش ئەوەی دەچیتە ناودەرگای ئەو ناوچەیە ، باخچەیەکی تێ دایە وەدرەختە (ئاراک)ی تێداڕواوە، وە وێنەی گیاندەران و مرۆڤ و، وەناوی کەسەکان و پارچەیان لەسەردیوارەکە نەخشێنراوە،

ئەم ناوچەیە لە کۆندا ناسراوە بە ناوچەی مەسیحی یەکانی شاری( نەجران)، ئەم شارە لە کۆندا پێش مەسیح مەڵبەندی بازرگانی و کاروان چی ئەوکات بوو، وەهەوارگەی گەشتییاران

بوو، سەرچاوەکان دەڵێن پێشتر ئەم گەلە خورمایەکی گەورەیان بە پیرۆز دەزانی، پاشان کەوتۆتە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی (حومەیری) ، بەو پێیەی پادشایانی حومەیر مەسیحی بون، دەڵێن یەکێک لە پادشاکان دەنێرن بۆئەم ناوچەیە لە یەمەنی ئەوسا کە ناوی(شەرحەبیل یەکف)بووە، کە بەواتای زمانی مەسیحی(رحمنن و بنهوکرشتس غلبن)واتە(رحمن و ابنە المسیح الغالب) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەسیحییەکانی گەلی نەجران یەکتاپەرست بوون جیاوازبوون لەو مەسیحییانەی کە (باوەڕییان بە بوونی سێ خودا هەبوو) هەرچەندە هیچ ئامازەیەکی ڕوون نیە کە ئەمانە لەپادشا کۆنەکانی یەمەن بن، بەڵام بە ئەشکرا ئامازە بۆئەوە دەکرێت کە لە (حە بەشەی)ی کان بوون، وەهەندێک بۆچونی تر هەیە دەڵێت لە ژێر دەستی پادشاکانی (بیزەنتی) دا بووە،لە دەقە بیزەنتیەکاندە ئامازە بە(زو نەواس و یوسف ئازار) هاتوە بەواتای(امیاس) و (دوار) بەواتای ڕوداوەکەی کوشتارگەکەی (حەزر موت).وەلە مێژووی سەرچاوە سریانیەکانیش ئامازەی پێکراوە،وە چۆنێتی وێنەی ڕوداوەکان و سەرگوزەشتەیان لەکتێبی(حومەیرینی سریانی) باسکراوە (٣). لەکتێبی بیدایەو نیهایەی ئیبن کەسیریش باسی زو نەواس و نە جران وهی تر کراوە بەشێوازی کەش ئەم چیرۆکەدەگێڕنەوە (٤)

**سەرچاوەکان:**

١:تەفسیری ئاسان، نوسینی:م. بورهان محمد ئەمین، تەفسیری ڕامان نوسینی:م.ئەحمەد کاکە مەحمود.

٢: قصة أصحاب الأخدود :حديث مرفوع وأثر أورده ابن اسحاق وهما متعارضان وها نحن نوردهما لتقف عليهما قال الإمام أحمد حدثنا حماد بن سلمة عن ثابت عن عبدالرحمن بن أبي ليلى عن صهيب أن رسول الله صلى الله عليه وسلم .

٣:ويكيبيديا، الموسوعة الحرة مسيحيو نجران.

٤: قصة أصحاب الأخدود: رواه الإمام أحمد ورواه مسلم والنسائي من حديث حماد بن سلمة زاد النسائي وحماد بن زيد كلاهما عن ثابت به ورواه الترمذي من طريق عبد الرزاق عن معمر عن ثابت بإسناده نحوه وجرد إيراده كما بسطنا ذلك في التفسير وقد أورد محمد بن اسحاق هذه القصة على وجه آخر فقال حدثني يزيد بن زياد عن محمد بن كعب وحدثني أيضا بعض أهل نجران عن أهلها أن اهل نجران.......